# هاوسەر و هەست و سۆزی خۆشەویستی

**دەگوترێ خۆشەویستی و هەست و سۆزی نێوان دوو هاوسەر ئەنجامەکەی ژیانێکی بێ کێشەیە، لە کاتێکدا کاڵبوونەوەی خۆشەویستی لە رووی دەروونی و رۆحییەوە بۆشاییەك لای هاوسەرەکان دروست دەکات، ئافرەتانیش پێیانوایە پیاوان لە رووی هەستەوە سارد و سڕن و ناتوانن هەستەکانیان بۆ هاوسەریان دەرببڕن، شارەزایانیش ئاماژە بەوە دەکەن کەوا هەندێکجار بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنا بۆ ناپاکی هاوسەری دەبردرێت، یانیش ژیانیان بە جیابوونەوە کۆتایی پێدێت.**



«پێش هاوسەرگیری کۆمەڵێ خەون و خۆزگەی جوانم بۆ هاوسەرەکەم لە هەگبەدابوو، لە سەرەتای هاوسەرگیری و ژیانی هاوبەشمان، هاوسەرەکەمم زۆر زۆر خۆشدەویست، حەزم دەکرد هەرگیز لێم دوور نەبێت، هەمیشە بایەخم بە جوانی خۆم دەدا و شێوازی جل لەبەرکردنیشم بە دڵی ئەو و بۆ خاتری ئەو بوو.

ئێواران هەتا دەگەڕایەوە زۆر بێتاقەت دەبووم و نەدەسرەوتم». ئەوە قسەی چراخان کەمال بوو، ئەو ئافرەتێکی تەمەن ٣٠ ساڵ و دایکی دوو منداڵە و باسی ئەوە دەکات کە هاوسەرەکەی هیچ کاردانەوەیەکی لە بەرامبەر هەست و سۆزی ئەودا نەبووە، هەر لەو بارەیە دەڵێت: «مێردەکەم هەرگیز گرنگی بە من و ماڵ و منداڵ نەدەدا، لەبەر ئەوەی هەستی خۆشەویستی و سۆزداری و ئەمەکداری لە وجودیدا نەبوو، لە هەمان کاتیشدا هەستی لێپرساوێتیشی زۆر لاواز بوو، بەمجۆرە ساڵان هات و تێپەڕی، ئێستاش وەکو گوڵێکی سیس و ژاکاو رەنگ زەرد و ماندوو لە تەنیاییدا خەریکە تووشی خەمۆکی و کەئابە دەبم.» توێژەری دەروونی عومەر هەڵەبجەیی لە سەرەتای قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «زۆرێك لە پیاوان، لە کاتی پێوەندی لەگەڵ هاوسەرانی خۆیاندا دووچاری بەدحاڵیبوون و کێشەو گرفت

دەبن»، سەبارەت بە هۆکارەکەشی دەڵێت: «ژنان فرەتر لە سەر بنچینەی دڵ و هەست و سۆز ڕەفتار دەکەن و پیاوان لە سەر بنەڕەتی عەقڵ و مەنتیق. لەبەر ئەوە بۆ هەردوو ڕەگەز بە ڕواڵەت سەخت و دژوارە لە یەکتری تێبگەن».

## جەوهەریترین کار ئەوەیە هاوسەران بەتاسەوە گوێ لە یەکتر بگرن

ئەو دەروونناسە رایوایە «زۆرێك لە پیاوان هەست دەکەن بە درێژایی ڕۆژگار ژنەکانیان لە ماڵەوە قاچیان خستۆتە سەر قاچ و ساتی چێژدار دەگوزەرێنن و هیچ کێشەیەکیان نییە، لە کاتێکدا کۆمەڵێك فاکتەر هەن کە دەبنە هۆی نائاسوودە کردن و بێزارکردنیان، بەراییترین میکانیزمێك کە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئازاردانی ژن و بە تەنیا مانەوەی لە ماڵەوە و نەبوونی هاودەمێکە لەگەڵیدا، بەتایبەت مێردەکەی. بۆیە واچاکە پیاوان کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە ناوچاویان گرژ و مۆن نەکەن و بێزاری پیشان نەدەن، بەڵکو سەبارەت بە کاری ڕۆژانە گفتوگۆ لەگەڵ خێزانی خۆیان بکەن، تەنانەت هاوکاریشیان بکەن، چونکە ژنان چەندە لە ڕووی دەروونییەوە خاڵی ببنەوە ئەوەندە ئارام دەبن، هەروەها جەوهەریترین کار کە پیاوان دەتوانن بۆ خێزانەکانیان ئەنجام بدەن، بەتاسەوە گوێگرتنە لێیان.» گوتیشی: «دڵنیا بن هەمیشە بۆڵەبۆڵکردنی ژنان ناڕازی بوون نییە لە هاوسەرەکانیان، بەڵکو زۆرجار بە ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی دەربڕینی پرتەوبۆڵەوە دەیانەوێت پەیامێك بە مێردەکەیان بگەیەنن، ئەویش ئەوەیە درکیان پێ بکەن. ڕەنگە ژن بە ڕواڵەت گلەیی و گازندە لە بێ درکی مێردەکەی نەکات، بەڵام ڕۆژێك هەستی ڕاستەقینەی دەڕژێنێتە دەرەوە و ئاژاوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدات. بۆ قەرەبووکردنەوە و هێورکردنەوەی دۆخەکە پێش ئەوەی دەمەقاڵەی تیادا دروست بێت، بە خێرایی بە ژنەکەت بڵێ: هیچ کات من ناتوانم چاکەی ئەو هەمووە زەحمەتەی تۆ بدەمەوە، هەروەها وەسفی سەلیقە و جوانی ڕووخساری بکە، چونکە ژنان بوونەوەرێکن بۆ ئەوەی لە ژنێکی دیکە جوانتر و بەسەلیقەتر بێنە پێش چاو، هەموو کارێکی دژوارو سەخت ئەنجام دەدەن.»

## لەم سەردەمەدا زیاتر گرنگی بە ڕووخسار دەدرێت، نەوەك ناوەڕۆك

هەندێك لە ژنان کە لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، سەرقاڵی ئەنجامدانی کاری ماڵەوە دەبن، هەندێك جار زیاد لە پێویست کاریان لە ماڵەوە هەیە، لە هەمانکاتدا ماندوێتی و شەکەتیش لە دەرەوەی ماڵ، هۆکارێکە بۆ ئەوەی نەتوانن گرنگیەکی ئەوتۆ بدەن بە ڕووخسار و ڕواڵەتی خۆیان، هەروەها لەوانەیە نەتوانن بە ڕوویەکی گەشی جوان و هەڵسوکەوتێکی پڕ لە ڕێزەوە پێشوازی بکەن لە گەڕانەوەی هاوسەرەکانیان، بەڵام پیاوانی هەستدار و ڕۆشنبیر ڕەچاوی ئەم حاڵەتانەی ژنان دەکەن و درکیان پێدەکەن، هیچکات لەو سۆنگەی بیروبۆچوونەوە لە ژنەکانیان ناڕوانن لەم بابەتەدا، هەرچەندە چاوپۆشینی پیاوان لەو حاڵەتانەدا، نابێت ببێتە هۆکارێك کە ژنان گرنگی بە ڕووخساریان نەدەن. خانمی بەڕێز تۆ چۆن چاوەڕێ دەکەیت مێردەکەت سۆز و خۆشەویستیت پێ ببەخشێت، ئەویش هەمان چاوەڕوانی لە تۆ هەیە. لەم سەردەمەدا زیاتر گرنگی بە ڕووخسار دەدرێت، نەوەك ناوەڕۆك، بۆیە هەمیشە پێویستە ژنان لە ترۆپکی خۆڕازاندنەوە و گرنگیدان بن بە سیمایان. چونکە پیاو لە کاتی ڕۆیشتنە دەرەوە، چەندەها کچ و ژنی جوان و ڕازاوە دەبینێت کە لە لوتکەی جوانی و جەمالییەتان، بۆیە پێی خۆشە ژنەکەی لە ئاستی ئەواندا بێت.»ئەگەر دەتەوێت ژیانێکی هاوسەرێتی تاموچێژدار بونیاد بنێت، لە هەنگاوی یەکەمدا ڕێز و ئیحترامی خۆت ڕابگرە و گرنگی بدە بە ڕووخسار و ڕواڵەتت، هەروەها هەوڵ بدە مێردەکەت لە ماڵەوە بێت، یاخود لە ماڵەوە نەبێت، گرنگی بە جەستە و ڕووخسارت بدەیت. زۆرێك لە شارەزایان دەڵێن: «زۆربەی ژنان لە دوای لەدایکبوونی منداڵی یەکەمیان ژنبوونی خۆیان فەرامۆش دەکەن». بۆیە گەر دەتەوێت منداڵگەلێکی باش و ژیانێکی سەرکەوتووت هەبێت، لەسەرووی کاری دایکایەتی، هاوسەرێکی بەرپرسیاریش بە بۆ مێردەکەت.»

## ناکرێ پیاوان ئەرك و ماندووبوونی هاوسەرەکانیان فەرامۆش بکەن و دڵنەواییان نەکان

ئەندازیار نیگار جەزا رایوایە «هاوسەرگیری گرێبەستی ژیانکردنە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێز و هەبوونی هەستی خوشەویستی راستەقینە و قوربانیدان لەگەڵ ئەو کەسەی هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات. دەشڵێ: «بە داخەوە زۆربەی هاوسەرگیرییەکانی ئێستا لەسەر بنەما رۆحییەکان بنیاد نانرێن، یان بەرژەوەندی ماددییە، یان هاوسەرگیرییەکە بە رۆتین و بەسەربردنی رۆژگارە، بۆیە جیابوونەوە و ناپاکی لێدەکەویتەوە، لە کاتێکدا بە دایکبوون و دایکایەتی مانایەکی زۆر گەورەی هەیە و با ئاسانی پێناسە ناکرێ، دایك نیشتمان و هۆکاری مانەوەی مرۆڤایەتییە، بەلای منەوە دایکایەتی بریتییە لە بەخشینی سۆز و قوربانیدان و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵی تەندروست، هەموو ئەوانە بەرهەمی ماندووبوونی دایکە، لەبەر ئەوە ناکرێ پیاوان ئەرك و ماندووبوونی هاوسەرەکانیان فەرامۆش بکەن و دڵنەواییان نەکەن، تەنانەت ئەگەر بە کردەوەش هێز و گوڕ و تین بە ژن نادەن، با هەوڵ بدەن بە قسە هەستی خۆیانیان بۆ دەربڕن، ئەوکات ئافرەت ماندوێتی دەحەسێتەوە و عەشق و خۆشەویستی نێوانیشیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە و رۆژ لە دوای رۆژیش زیاد دەکات.

## حەزەکانی هاوسەران بەر لە بە یەك گەیشتنیان لە لوتکەدان

راگەیاندنکار هۆشمەند چەکوانی باسی ئەوە دەکات کە خۆشەویستی کەم نابێتەوە، بەڵکو ئەوە پێوەندی بە حەز و خواستی مرۆڤەکانەوە هەیە، حەزەکانی هاوسەران بەر لە بە یەك گەیشتن لە لوتکەدان و گەرموگوڕن، بەڵام دوای بە یەك گەیشتن ئەو حەز و خواستانە لە برسیەتییەکی بێ ئەندازەوە، دەگەن بە تێربوون لە کەسی بەرامبەر، بۆیە لەو کاتەدا هەست بەوە دەکرێت لە رووکەشدا ساردییەك هەیە، بەڵام ئەو ساردییە مانای کەمبوونەوەی خۆشەویستی نێوانیان نییە، بەڵکو ئەو ساردییە ئاماژەیە بۆ تێربوونی خواستە سێکسی و رۆحییەکان، هەر ئەو تێربوونەشە مرۆڤەکان، یان باشترە بڵێم هاوسەرەکان هەست بە وەڕەزبوون و بۆشاییەك دەکەن و دەیانەوێت بە دوای شتێکی تازەدا بگەڕێن، بۆیە زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤەکان لەوکاتەدا دەگەڕێت بە دوای شوێن و کەسێکی تردا کە ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ بکاتەوە، هەڵبەت لە کۆمەڵگەکانی لەمەڕ خۆماندا زۆرتر ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە پرۆسەی هاوسەرگیری بەم فۆرم و شێوەیەی لای ئێمەیە، چونکە لەو پرۆسەیەی ئێمەدا ئەگەر مردن و جیابوونەوە نەبێتە رێی هاوسەرەکان، ئەوا بۆ هەموو تەمەنیان بە یەکەوە دەبن، ئەوەش جۆرێك لە کپبوونەوە دێنێتە ئاراوە.

رەنگە ئەوە باشترین نموونە بێت، بۆ ئەوەی کە دەگوترێت ئەوە کاڵبوونەوەی خۆشەویستی نییە، بەڵکو تێربوونە لە خواست و حەزە سێکسییەکان بە پلە یەك، چونکە لەکاتی هاتنە پێشەوەی خۆشی و ناخۆشی و پێداویستی تری ژیان، ئەوا هاوسەرەکان یەکەمین کەسن کە بە هانای یەکترەوە دەچن و لە کاتە پێویستەکاندا ئەوپەڕی خۆشەویستی و پەرۆشی بەرامبەر یەکتری دەردەبڕن.»

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**بەداخەوە زۆربەی هاوسەرگیرییەکانی ئێستا لەسەر بنەما رۆحییەکان بنیاد نانرێن، یان بەرژەوەندی ماددییە، یان هاوسەرگیرییەکە بە رۆتین و بەسەربردنی رۆژگارە**

**هەمیشە بۆڵەبۆڵکردنی ژنان ناڕازی بوون نییە لە هاوسەرەکانیان، بەڵکو زۆرجار بە ناڕاستەوخۆ لە ئەنجامی دەربڕینی پرتەوبۆڵەوە دەیانەوێت پەیامێک بە مێردەکەیان بگەیەنن**

**واچاکە پیاوان کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە ناوچاویان گرژ و مۆن نەکەن و بێزاری پیشان نەدەن، بەڵکو سەبارەت بە کاری رۆژانە گفتوگۆ لەگەڵ خێزانی خۆیان بکەن**



# دایکانی فەرمانبەر داوای پەیڕەوکردنی سیستمی خوێندنی درێژخایەن دەکەن

**سیستمی پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستان قسە و باس و مشتومڕی زۆری لەسەر دەکرێت، لە ئێستاشدا و لە وادەی دەستپێکردنەوەی ساڵی تازەی خوێندن، دایکانی فەرمانبەر بەهۆی سیستمی بەیانیان و ئێواران و کەمیی دەوامی قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە کێشەیەکی گەورەدان و داواکارن وەزارەتی پەروەردە بیر لە دابینکردنی چەند قوتابخانەیەکی یەك دەوام، لانیکەم بۆ خوێندنی بنەڕەتی بکەنەوە، کە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە بۆ سێی پاش نیوەڕۆ دەوام بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن بە دەوامی خۆیان و هێنانەوەی منداڵەکانیاندا رابگەن و ناچار نەبن، پەنا بۆ قوتابخانەی ئەهلی ببەن.**

«ماوەی دوو ساڵە کوڕەکەم لە قوتابخانەیەکی ئەهلی دەخوێنێ، هەرچەندە دابینکردنی ئەو پارەیە فشارێکی ماددی زۆری بۆ من و باوکی درووستکردووە، بەڵام بە ناچاری ئەم کارەمان کردووە و مەبەستمان ئەوە نەبووە کە سیستمی خوێندنی تایبەت لە هی حکوومی باشترە، بەڵکو بە هۆی ئەوە بووە، کەوا دەوامی قوتابخانە حکوومییەکان سێ ڕۆژ بەیانییانە و سێ ڕۆژ سبەینان، ئەو ڕۆژانەشی کە سبەینان بن، سەعات ١٢ دەوام تەواو دەبێت، لە کاتێکدا من دەوامم تا سەعات دووە و ئەو ڕۆژانەش کە نیوەڕوان بن، دیسان دایك و باوك لە ماڵەوە نین تاوەکو منداڵی خۆیان بینێرنە قوتابخانە». ئەوە قسەی ساکار جەبار بوو. ئەو دایکێکی فەرمانبەرە و باسی ئەوە دەکات کە ئەمساڵ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی وەرزی خوێندن کێشەیەکی گەورەی بۆ درووست دەبێت، هەر لەو بارەیەوە گوتی: «منداڵی پۆلی یەکی سەرەتایی کە دایك و باوکی فەرمانبەر بن، کێشەی زۆرە، چونکە دەوامی بەیانییان لە قوتابخانە کەمە، بە تەنهاش ناکرێ لە ماڵەوە دابنرێ، یان شوێنێکی نزیك لە قوتابخانەکەی نییە کە جێی متمانە بێت و لەوێ چاوەڕوانی دایك و باوکی کات، من خۆم کچێکم ئەمساڵ دەچێتە قوتابخانە و نازانم چۆن ئەم کێشەیەم چارەسەر بکەم، لەم بارودۆخە خراپەی ئابووری و کەمیی مووچە ناتوانم دوو منداڵ بنێرمە قوتابخانەی تایبەت، ئەوە تەنیا کێشەی خێزانێکیش نییە، بەڵکو کێشەی زۆربەی هاوکار و هاوپیشەکانمە».

لە سنووری سلێمانیدا نزیکەی ١٠٠ قوتابخانە سیستمی قوتابخانەکەیان درێژخایەن (یەك دەوام) بوو، واتە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە بۆ دووی پاش نیوەڕۆ، بەڵام بە بڕیارێکی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی ئەو سیستمە هەڵوەشێندرایەوە. ئەوە بەڕێوەبەرە نوێیەی پەروەردەی سلێمانی لەسەر بڕیاری هەڵوشاندنەوەی خوێندنی درێژخایەن ڕایگەیاندووە: پەیڕەوکردنی سیستمی خوێندنی درێژخایەن تەنیا لە شاری سلێمانی و بە دەر لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە ئەنجام دراوە و هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەخت لە خوێندنگە و سیستمی خوێندن و پێداویستی خوێندنگەکانی بۆ نەکراوە.

جوان سەلمان مامۆستای زانکۆی سلێمانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، لە دەستپێکی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «سەرەڕای ئەو قەیرانانەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بووەتەوە و هەتاوەکو ئێستاش بەردەوامن، قەیرانێکی دیکە ڕووبەڕووی زۆربەی فەرمانبەران و دایکان و باوکانی منداڵان دەبێتەوە، کە ئەویش بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەوامی درێژخایەنی قوتابخانەکان، کە ئەم بڕیارە پێش ئەوەی بە تەواوی جێبەجێ بکرێت، هەڵوەشێندرایەوە و هەر بە ساوایی لەگۆڕ نرا». گوتیشی: «وەك زۆربەمان ئاگادارین لە ساڵانی ١٩٥٠ هەتا ٢٠٠٠بەدواوە لە سەرانسەری عێراق و لە سەرجەم خوێندنگە و قوتابخانەکاندا سیستمی دوو تەنانەت سێ دەوامیش پەیڕەو دەکرا. لە پاش ساڵانی ٢٠١٠ وردە وردە دەوامی درێژخایەن لە هەرێمی کوردستان وەك سیستمێکی نوێ سەریهەڵدا، ئەمەش وەك پرۆژەیەکی تازەگەری لێی دەڕواندرا. دەوڵەتانی ئەسکەندەنافی ئەم دەوامە درێژخایانە پەیڕەو دەکەن، ئێمەش بە مافی خۆمانمان زانی ئەم سیستمە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەین. تازەگەری بەرهەمدار لە هەموو بوارەکاندا شایانی دەستخۆشییە، بەڵام دەبێت ئەم تازەگەرییانە لە سەر بنەمایەکی ئەکادیمی و پەروەردەیی پەیڕەوکرابێت و ڕەچاوی سەرجەم بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خوێندکاران و دایکان و باوکان کرابێت، بەتایبەت ئەو دایك و باوکانەی فەرمانبەرن و لە ڕێگەی بەجێهێشتنی ماڵەوە بژێوی ژیانیان بەدەست دەهێنن، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان ڕەچاوکردنی ئەم بنەما ئەکادیمییانە زۆر لاواز و سستن. دەکرێت ئێستا ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی پەروەردەیی بکەینەوە: بۆچی بیر لە پەیڕەوکردنی دەوامی درێژخایان کرایەوە لە کوردستان؟ بۆچی ئەو بڕیارە هەڵوەشێندرایەوە، یاخود گەڕێندرایەوە بۆ دوو دەوامی؟ بنەما پەروەردەییەکانی بڕیارەکە و هەڵوەشاندنەوەی چی بوو؟ خاڵی ئەرێنی و نەرێنی دەوامی درێژ و کورت خایان چین؟ ئایا بۆ ئەم بابەتە داوای توێژینەوە لە زانکۆکان کراوە، بەتایبەت کە لە ئێستادا کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆکاندا هەیە و وەك ناوەندێکی پێگەیاندنی کادری پەروەردەیی تەماشادەکرێت؟ ئایا مامۆستا، دایك و باوك، زانکۆکان، خوێندکاران و... تاد) لەم بوارەدا بیروڕایان وەرگیراوە؟ ئێوارەی ٢٩-٨-٢٠١٥ بینەری بەرنامەیەکی یەکێك لە تیڤییەکان بووم کە لەگەڵ بەڕێوبەری پەروەردەی سلێمانی دیمانەی هەبوو. یەکێك لە پرسیارەکانی پێشکەشکار ئەوە بوو کە بۆچی دەوامی درێژخایان نەما؟ منیش زۆر حەزم کرد گوێبیستی وەڵامەکانی بم، چونکە ئەم تازەگەرییە کارێکی ئاسان نییە و هیوادار بووم کە وەڵامی لۆژیکیم گوێ لێبێت. بەڵام بەداخەوە گوێبیستی ئەم وەڵامانە بووم:

-هۆکاری ئەم



گوڵان: کۆمەڵایەتی

گۆڕانکارییە چی بوو؟ وەڵام: هیچ یاسایەك دەربارەی دەوامی درێژخایەن نییە. پرسیاری من بۆ جەنابی بەڕێوەبەر ئەی یاسا و پاساوی دەوامی کورتخایەن چییە؟ وەڵامێکی تری بەڕێوەبەر: مەلەوانگە، کافتیریا، کتێبخانە نەڕەخساوە بۆ دەوامی درێژخایەن؟ پرسیاری من: ئایا لە بنەمادا دەوامی درێژخایان بۆ ئەو سێ مەبەستە دامەزراوە؟

-وەڵامێکی تر: کەمترین خوێندکار بەشدارن لە خوێندنی درێژخایەن، جاران ٧٠ خوێندکار دەیتوانی دەوام بکات لە قۆناغێکی خوێندندا، بەڵام ئێستا ١٥٠ خوێندکارن پرسیار: ئایا زانستی تر نییە کە خوێندکاری کەم لە پۆلێك، یان لە قۆناغێکدا هەبێت؟

-وەڵامێکی تر: لە سیستەمی درێژخایان خواردن بۆگەن دەکات. پرسیار: ئایا هیچ ئەڵتەرناتیڤێك نییە بۆ ئامادەکردنی خواردن و هەڵگرتن و پاراستنی؟

-وەڵامێکی تری: کێشە بۆ باوکان دروست دەبوو، چونکە منداڵەکانیان لە خوێندنگای دوور ناونووس دەکرد. پرسیار: ئەی ئێستا فەرمانبەران تا کاتژمێر ١٢ یان لە دوای ١٢ چی لە منداڵەکانیان بکەن؟ بەتایبەت لەم کاتی قەیرانەدا کە بە ٣ مانگ جارێك مووچە وەردەگرن، ئەو دایك و باوکانە چی بکەن کە نە پارەیان هەیە بیبەن بۆ دایانگەیەکی تر، نە کەسێکیان هەیە چاودێری منداڵەکانیان بکات؟

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە بڕیارلێدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەم پرۆژەیە بەبێ بەرنامە بووە، چونکە کاتێك بڕیارێکی وەها گرنگی لەم جۆرە دەدرێت، دەبێت چوارچێوەیەکی گشتی و نەگۆڕی هەبێت، بەتایبەت بۆ خوێندنی بنەڕەتی، دەبێت ژمارەی کاتژمێرەکانی خوێندن لە هەر قۆناغێکدا دیاریکراو بێت و مەودایەك هەبێت کە نابێت بۆ نموونە خوێندنی قۆناغی یەك بۆ شەشی بنەڕەتی لەو مەودایە کەمتر و زیاتر بێت. بێگومان ئەم کاتژمێرانەی خوێندنیش لە خۆڕایی دانەنراون، بەڵکو بەپێی ئاستی وەرگرتن و فێربوونی خوێندکار، توانای جەستەیی خوێندکار، کاتی کارکردنی دایك و باوك بووە، بەڵام لە کوردستان ئەم پرۆژەیە بە هیچ جۆرێك ڕەچاوی ئەم خاڵانەی نەکردووە، بۆ نموونە ئەگەر خوێندنی منداڵێکی قۆناغی بنەڕەتی تا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بێت، هەروەها کاتی کارکردنی ئەو دایك و باوکە زیاتر بێت، وەك دەزانین کاتی دەوامی فەرمانبەران لە کوردستان هەتاوەکو کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆیە، لێرەدا کە هەم فەرمانبەرەکان و هەم منداڵەکانیان لە ڕووی پیشەوە موڵکی حکومەتن و هەریەك لەوان لە وەزارەتێکی حکومەتدا کاردەکەن، بەڵام حکومەت بەرژەوەندییەکانیان ناپارێزێت، ئایا حکومەت ناپرسێت ئەو دوو کاتژمێرە جیاوازەی نێوان کاتی



خوێندکارەکە و دایك و باوکی چارەنووسی منداڵێکی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی چی لێدێت؟ لە سەرجەم وڵاتانی پێشکەوتوو- Extra timeیان فەراهەم کردووە، واتە ئەگەر دەوامی قوتابخانە هەتاوەکو کاتژمێر ١٢ بێت، جێیەك دابینکراوە بۆ سەرقاڵکردن و فێرکردنی چەند بابەتێکی هەمەڕەنگ بە منداڵان، تا دەوامی بەخێوکەرەکەی تەواو دەبێت. هەربۆیە ئەگەر وەزارەتی پەروەردە سوورە لەسەر لابردنی دەوامی درێژخایەن، ئەوا هەرگیز نابێت سەرجەم خوێندنگاکان بکاتەوە بە دوو دەوامی، بەڵکو لانیکەم لە ئێستادا دەبێت لە هەر گەڕەکێك و یەکێك لە خوێندنگەکان بکات بە دەوامی درێژخایەن بۆ ئەو منداڵانەی دایك و باوکیان فەرمانبەرن. بەڵام لەم کاتەشدا نابێت حکومەت بەو چەند خوێندنگەیە ئیکتیفا بکات و بێخەم بێت، بەڵکو دەبێت ڕاستەوخۆ کاربکات بۆ ئەوەی خوێندنگەی زیاتر و زیاتر بکات بە درێژخایەن، ئەمیش بە ڕەخساندنی ژێرخانی پەروەردەیی.

هێمن ساڵح وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ڕایوایە «لە هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی پەروەردە خەریکە جیاکارییەکی زۆر دروست دەبێت، خۆی پرۆسەی پەروەردە دەبێت یەك بێت، چ ئەهلی، یان حکومی، بەتایبەتیش ڕێکخستنی کاتی دەوام کە ئەوە ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە ڕێکی بخات، لە هەموو دونیا سیستەمی پەروەردە سیستەمە گشتییەکەی بەیانییانە، دەبێت وەزارەتی پەروەردە چارەسەری ئەوە بکات کە دەوامی ئێواران لە حکومیدا نەهێڵێت، لە وڵاتان ئەوە پێچەوانەیە ئەهلییەکان ئێواران بۆ خەڵکانێك کە بەیانییان کاتیان نییە، لەبەر ئەوە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە تەنیا لە وەزارەتی پەروەردەیە و پێویستە وەزارەتی پەروەردە خوێندنی قوتابخانەکان بکات بە پێنج ڕۆژ و دوو ڕۆژ پشوو هەبێت، هەروەها دەوام تاوەکو سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لە قوتابخانەکان بەردەوام بێت، هەموو کات پێویستە قوتابخانە حکومییەکان کە لە کەرتی گشتین، دەوامیان بەیانیان بێت، ئەوە شێوەیەکی ستانداردی جیهانییە و ئەوکات هەموو قوتابخانەکان هەم پێشکەوتووتر دەبن لە وانەوتنەوە و هەم پشووی قوتابیان زیاتر دەبێت و هەمیش ئەو کێشەی دایکانی فەرمانبەر چارەسەر دەبێ».

لەلای خۆیەوە فاتیح مەولەوی زادە گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە، بە گوڵانی ڕاگەیاند کەوا ئەوانیش وەکو وەزارەتی پەروەردە هاوڕان لەگەڵ داواکاریەکەی دایکانی فەرمانبەر ئەگەرچی لە ئێستادا ناتوانن هیچ شتێك بکەن، هەروەها گوتی( ئەم گرفتە یەکەمجار بەوە چارەسەر دەبێ کە بینای قوتابخانەمان زۆر بێت، بۆیە لە ئێستادا کردنی ئەو کارە کارێکی ئاسان نییە و ناشکرێ جیاوازی لە نێوان مامۆستایان بکرێ لە ڕووی دەوام کردنەوە، مامۆستایەك لە قوتابخانەیەکی ئاسایی چوار سەعات دەوام دەکات بەڵام لە قوتابخانەی درێژخایەن شەش بۆ حەوت سەعات دەبێت دەوام بکات بە هەمان مووچەی مامۆستایەکانی تر، کەواتە ئێمە پێویستیمان بە پلانێکی تۆکمە و داڕێژراوی درێژخایەن هەیە، لەسەرووی هەموویانەوە نەبوونی کەموکوری لە بینای قوتابخانە، جگە لەوەی ئەم پرۆژەیە کارێك نییە بە مانگێك و دوو مانگ چارەسەر بکرێت، لە کاتێکدا باری ئابووری کوردستان لە قەیراندایە، هەرچەندە لە زووەوە ئێشمان لەسەر ئەو سیستەمە کردووە و لە ڕابردووشدا لە سلێمانی چەند قوتابخانەیەکی لەم شێوەیە هەبوون)، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا وەکو چارەسەری کاتی وەزارەت دەتوانێ چی بکات، لە وەڵامدا مەولەوی زادە گوتی(لە ئێستادا وەزارەت ناتوانێ هیچ شتێك بکات).

**پێویستە وەزارەتی پەروەردە خوێندنی قوتابخانەکان بکات بە پێنج ڕۆژ و دوو ڕۆژ پشوو هەبێت، هەروەها دەوام تاوەکو سەعات دووی پاش نیوەڕۆ لە قوتابخانەکان بەردەوام بێت**

**قوتابخانە حکومییەکان بە بەراورد بە ئەهلییەکان زۆر باشترن، بەڵگەش ئەوەیە کە هەموو یەکەمەکانی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوو هەر لەسەر ئاستی قوتابخانە حکومییەکان بوون**

**هەم فەرمانبەرەکان و هەم منداڵەکانیان لە ڕووی پیشەوە موڵکی حکومەتن و هەریەک لەوان لە وەزارەتێکی حکومەتدا کاردەکەن، بەڵام حکومەت بەرژەوەندییەکانیان ناپارێزێت**

**لەم باروودۆخە خراپەی ئابووری و کەمیی مووچە ناتوانم دوو منداڵ بنێرمە قوتابخانەی تایبەت، بۆیە لێرەوە داواکارم لە حکومەت و وەزارەتی پەروەردە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات**



# کچێک خۆی بە قوربانی دەستی دووبەرەکی دەزانێت

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە کوردستانیشـــەوە، کە کۆمەڵگەیەکی زیاتر نەریتی و ئایینییە، فرەژنی، نەك حەرام و قەدەغە نەبووە، بگرە تا هەنووکەش ڕێژەیەکی بەرچاوی خێزانەکان گیرۆدەی کێشـــە و گرفتەکانی ئەو جۆرە هاوســـەرگیرییەن، کـــە منداڵەکانی زیاتر لە ئافرەتێك دەبنە بەرەبابێك. جگـــە لەوجۆرە فرەژنییە هاوکاتە، دووبەرەکی لە جۆری دیکەش هەیە، واتە دوای جیابوونەوە، دایك، یان باوك هاوســـەرگیری دەکاتەوە، بەو جۆرە زڕدایك، زڕباب، زڕخوشك، زڕبرا، دروست دەبن. هەرکام لەوانەش لە ڕەوتی ژیاندا کێشە و گرفتی خۆیان هەیە. کچێکی نەوجەوانیش کە باوکی ژنی دووەمی هێناوە، باسی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ گوڵان دەکات.**

شـــەیما کچێکی تەمەن ١٩ ســـاڵان و قوتابی زانکۆی پزیشـــکییە و هەموو ئاواتەکانی ئەوەیە، بە ســـەرکەوتوویی ئەو قۆناغەی ژیانی تێپەڕ بکات و ببێتە پزیشـــکی نموونە، بەڵام وەك خۆی باسی دەکات، بە ئاسانی نەگەیشتووەتە ئەو ئاســـتە و لە ژیانیدا تووشی گەلێك نەهامەتی بووەتەوە، کە بەمجۆرە باسی ئەو ڕۆژگارەی خۆی دەکات:

« هێشتا نەچووبوومە بەر خوێندن، جوان لە بیرمە هەموو ڕۆژێك بە ماچی دایك و باوکم لە خەو هەڵدەستام. بەردەوام لە باوەشی گەرمی دایك و باوکمدا هەستم بە خۆشەویستی و بەختـــەوەری دەکرد، باوکم دەیگوت: تاقانەکەم بە قەد هەر ســـێ کوڕەکەم خۆشەویســـتی، ئاخر من دوامنداڵی دایکم بـــووم. ژیانمان زۆر بە خۆشـــی دەگوزەراند، براکانم هەموو لـــە قوتابخانە بوون، هەر کامە لە ڕۆژانەی خۆیان شـــتیان بۆ دەکڕیم، براکانیشـــم هەمیشە مامەڵەیان لەگەڵ من باش بوو. باخچەی ســـاوایانم تەواو کرد، مانگێکی مابوو بچمە پۆلـــی یەکەمی ســـەرەتایی، باوکم جل و بـــەرگ و جانتا و پێـــڵاوی نوێی بۆ کڕیم، تەنانەت ڕەنگەکانیشـــی لە بیرم ماوە. زۆر دڵخۆش بووم بەوەی کە دەچمە قوتابخانە، دایکم مامۆستا بوو، زۆری بە باشی پەروەردە کردم. هەموو شتێك جوان بـــوو، بەڵام کەمتر باوکم دەهاتەوە بۆ ماڵ، هەر جارەو بیانوویەکی دەهێناوە، دەیگوت ســـەفەری دەرەوەم کردووە بۆ کاری بازرگانـــی، تا وای لێهات من چوومە قوتابخانە و باوکم هەر دیار نەبوو. چوار مانـــگ تێپەڕی، تەنیا بە تەلەفۆن هەواڵمانـــی دەپرسی. لـــە دووکانەکـــەی کە تایبەت بـــوو بە فرۆشـــتنی کەلوپەلی ئۆتۆمبێـــل، برازایەکـــی خـــۆی دانابوو، ئـــەو ئامۆزایەم مانگانە پارەی بۆ ماڵەوە دەهێنا، دوای ماوەیەك بیســـتمان باوکم دووکانەکەی فرۆشـــتووە و خۆیشی دیار نییە، دایکم زۆر خەمـــی دەخوارد، دوای ماوەیەك بیســـتمان باوکم ژنە عەرەبێکـــی مارە کردووە و پێکەوە لە وڵاتی هۆڵەندا دەژین. قۆناغی ســـەرەتاییم تەواو کرد و هەرگیز لەو ماوەیەدا باوکم نەبینی. هەســـتم دەکرد کچە هەتیوێکی بـــێ باوکم. ڕۆژ و شـــەو وێنەکانی باوکم دەهێنا و ســـەیرم دەکرد و دەگریام. شەوانە وێنەکەیم لە سەر دڵم دادەنا تا خەوم لێبکەوێت. دوای قۆناغی دواناوەندی، واتە دوای ١٢ ســـاڵ باوکم لە ڕێگەی فەیسبووکەوە خۆی ئاشـــکرا کرد، وێنەی کچ و کوڕەکەی دانابوو، ئینجا زانیم من خوشك و برایەکی دیکە و زڕدایکشم هەیـــە. باوکم بـــەردەوام داوای لێبوردنی لـــە دایکم دەکرد، دەیگوت چەند ســـاڵە لە زڕدایکم جیا بووەتەوە. منداڵەکانی هەر جارەو لای یەکێکیان بوون، بەڵام دڵی دایکم زۆر لە دڵی من خراپتر شکابوو. نازانم چۆن شێت نەبووم، تا ئێستاش کە بیر لە بێوەفایی و خەیانەتی باوکم و فیداکارییەکانیی دایکم دەکەمەوە، باری دەروونیم تێکدەچێت. باوکم چوار منداڵی لە کوردستان بێ باوك کرد، دوو منداڵیشی لە هەندەران بە جێ هێشت، هاتەوە، دوای ١٣ ســـاڵ هاتەوە بۆ ئەو ماڵەی کە هەموو هیواکانی منی تێدا کوشت. دوای ١٣ ساڵ دووری، کە من قوناغی یەکەمی پزیشـــکیم لە زانکۆ تەواو کردبوو. لەو ماوەیەدا ماڵی ئێمە چەند بێناز و بێباوك و خەمبار بووە، بە لامەوە گرینگ نییە، تەنیا ســـەرم لەوە ســـوڕ ماوە کە دایکم چۆن توانی ئەوەندە بەخشەندە بێت. نازانم چۆن توانی دوای ١٣ ساڵ دەرگای ماڵەوە بە ڕووی باوکمدا بکاتەوە؟

بڕوا بکەن هەســـت بە بەختەوەری ناکەم، ئێســـتا هەموو شەوێك بۆ ئەو کچە دەگریم کە بە بێ خواستی هەر دووکمان بووینەتە خوشـــك و ئەویش لە دیداری باوکی بێبەش کراوە. تەنیا من هەست بە ئازارەکانی ئەو کچە دەکەم. چونکە خۆم قوربانی ئەو ژیانەم کە باوکایەتی لە بیر پیاو دەباتەوە.

**تا ئێستاش کە بیر لە بێوەفایی و خەیانەتی باوکم و فیداکارییەکانیی دایکم دەکەمەوە، باری دەروونیم تێکدەچێت**

**دوای ١٢ ساڵ باوکم لە ڕێگەی فەیسبووکەوە خۆی ئاشکرا کرد، وێنەی کچ و کوڕەکەی دانابوو، ئینجا زانیم من خوشك و برایەکی دیکە و زڕدایکشم هەیە**

**تەنیا سەرم لەوە سوڕ ماوە کە دایکم چۆن توانی ئەوەندە بەخشەندە بێت. نازانم چۆن توانی دوای ١٣ ساڵ دەرگای ماڵەوە بە ڕووی باوکمدا بکاتەوە؟**